NHS
Greater Glasgow and Clyde

KURDISH

زانیاری دەربارەی

سیلی شاراوە

(کوردی)

نەخۆشی سیل

- سیل چالاکە و لە جەستەدە گەشە دەکات
- دەبێتە هۆی ئەوەی کەسێک هەست بە نەخۆشی بکات و نیشانەی هەبێت
- دەکرێت لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر بگوازرێتەوە
- ئەگەر چارەسەر نەکرێت دەکرێت ببێتە هۆی گیانلەدەستدان

سیلی شاراوە

- بەکتریای سیل لە جەستەدا دەژی بەڵام گەشە ناکات
- نابێتە هۆی ئەوەی کەسێک هەست بە نەخۆشی بکات یان نیشانەی هەبێت
- لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر ناگوازرێتەوە
- دەکرێتە گەشە بکات بۆ نەخۆشی سیل

سیلی شاراوە چییە؟

سیلی شاراوە بریتییە لەوەی کە میکرۆبەکانی سیل لە جەستەدا هەن، بەڵام سیلی چالاکت نییە.

- هەرچەندە میکرۆبەکانی سیل لەناو جەستەتدا هەن، بەڵام کۆئەندامی بەرگریت لەژێر کۆنترۆڵدا دەیانهێڵێتەوە و ڕایاندەگرێت.
- هیچ نیشانەیەکت نابێت یاخود هەست بە نەخۆشی بکەیت.
- ناتوانی میکرۆبەکانی سیل بگوازیتەوە بۆ هیچ کەسێتکی تر.

دەکرێت هەروەها پێیبگوترێت توشبوونی سیل، سیلی خەوتوو، یان سیلی ناچالاک.

چۆن سیلی شاراوە دەستنیشان دەکەیت؟

چەندین پشکنینی جیاواز هەن کە دەکرێت پشکنینی پێستی توبەرکولین و، یان پشکنینی خوێن لەخۆبگرێت بۆ پشتڕاستکردنەوەی سیلی شاراوە.

بۆچی سیلی شاراوە چارەسەر بکەیت؟

- پێوستیتە چارەسەر بکرێت بۆ ئەوەی ڕێگری بکات لەوەی لە داهاتوودا توشیی سیلی چالاک ببیت.
- بە شێوەیەکی باو، کۆئەندامی بەرگری جەستە میکرۆبەکان لەناو دەبات کاتێک هەڵمژران. بەڵام ئەگەر کۆئەندامی بەرگریی جەستە لاواز ببێت، ڕەنگە نەتوانێت میکرۆبەکانی سیل لەژێر کۆنترۆڵدا ڕابگرێت. ئەمەش ڕێگە بە میکرۆبەکانی سیل دەدات کە چالاک ببن.

چارەسەرەکی چییە؟

چارەسەری سیلی شاراوە بە شێوەیەکی باو بریتییە لە دوو ئەنتیبایۆتیک کەبەیەکەوە لەناو یەک حەبدا ڕۆژانە بۆ ماوەی 3 مانگ دەدرێن.

میکرۆبەکانی سیل زۆر بە هێواشی لەناو دەچن، بۆیە زۆر گرنگە کە خولی تەواوی چارەسەری ئەنتیبایۆتیکەکە تەواو بکەیت. تەواو نەکردنی خولی دەرمانەکە دەکرێت ببێتە هۆی کەوتنە بەر مەترسیی توشبوون بە سیلی چالاک لە داهاتوودا.

پێویستت بە پشکنینی خوێن دەبێت بۆ ئەوەی دڵنیا ببیتەوە لەوەی جگەرت بە شێوەیەکی ئاسایی کار دەکات، پێش چارەسەرەکە و لە کاتی چارەسەرەکەدا.



Pyridoxine
Vitamin B6



Rifinah 300/150mg



Rifinah 150/100mg

ئایە کاریگەری لاوەکی هەیە؟

لە کاتی خواردنی ئەنتیبایۆتیکەکاندا، ڕەنگە تێبینی بکەیت کە میزت، جولّەی ڕیخۆلّەت (پیساییت)، فرمێسکت یان ئارەقت ڕەنگێکی سوور یان پرتەقاڵییان هەبێت. ئەمە کاریگەرییەکی لاوەکیی بێزیانە.
ڕەنگە ڕەنگی هاوێنە نەرمەکانی چاو بگۆڕێت.

ئەنتیبایۆتیکەکان دەکرێت کاریگەریی 'حەبی' ڕێگری لە دووگیانی و ڕێگەکانی دیکەی ڕێگری لە دووگیانی کەمتر بکەنەوە. ئەمەش واتە پێویستت بە بەکارهێنانی ڕێگەی بەربەستیی باوەڕپێکراوی باشتر دەبێت، وەک کۆندۆم.
تکایە قسە لەگەڵ کلینیکی پلاندانانی خێزان، پزیشکەکەت یان دەرمانسازێک بکە لەم بارەیەوە.

تکایە بە پزیشکی گشتییەکەت بڵێ، ئەگەر تووشی ئەم نیشانانە بووییت:

- هێلّنجدان یان ڕشانەوە
- زەردووی (زەردبوونی بەشی سپیی چاو یان پێست)
- پەڵەی پێست یان خورانی بەردەوام
- تا
- مێرۆژەلەکردنی پەنجەکانی دەست و پێ

لەبیرت بێت

- دەبێت هەموو ڕۆژێک 30 خولەک پێش نانی بەیانی ئەنتیبایۆتیکەکان بخۆیت
- هیچ ژەمە دەرمانێک مەپەڕێنە
- خۆت لە کحول بەدوور بگرە
- هەوڵبدە لە هەموو دانیشتنەکانی کلینیک ئامادە ببیت

خۆت بە دوور بگرە لە:

پێویستە لە کاتی چارەسەرەکەتدا ئامێری بڕۆنزکردنی پێست (سەن بێد) بەکارنەهێنیت. نکایە کرێمی دژەخۆری پلە بەرز بەکاربهێنە کاتێک پێستت بەر تیشکی بەهێزی خۆر دەکەوێت. (هەندێک حەبی دژەسیل دەکرێت پێستت هەستیارتر بکەن بەرامبەر تیشکی خۆر.)

زانیاریی زیاتر:

ئەگەر پێویستت بە زانیاری یان ڕێنیشاندانی زیاترە، پەیوەندی بە پەرستاری سیلی ناوچەکەتەوە بکە:

Glasgow Royal Infirmary

Glasgow and Clyde East and North

0141 201 3900 ☎

دووشەممە – پێنجشەممە: 9ی بەیانی – 6ی ئێوارە (هەینی: 4:30ی ئێوارە)

Gartnavel General Hospital

Glasgow and Clyde West

0141 232 2161 ☎

دووشەممە – چوارشەممە: 8ی بەیانی – 4ی ئێوارە

Queen Elizabeth University Hospital

Glasgow and Clyde South

0141 451 5862 ☎

دووشەممە – پێنجشەممە: 8ی بەیانی – 4ی ئێوارە

New Victoria Hospital

Glasgow and Clyde South West

0141 345 8846 ☎

سێشەممە – هەینی: 9ی بەیانی – 4ی ئێوارە